# یاساکانی ڕێکخستنی کاری پەرلەمانی

قۆناغی یەکەم

**ئامێز فاتح محمد**

**مامۆستای یاریدەدەر لە یاسای تایبەت**

**٢٠٢٠-٢٠٢١**

**Amez.mohamedsaleh@su.edu.krd**

## باسی یەکەم: واتای پەرلەمان و مێژووی کاری پەرلەمانی

### بەشی یەکەم: بنەرەتی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی

### یەکەم: بنەرەتی وشەی پەرلەمان و مێژووی بەکارهێنانی

وشەی پەرلەمان وشەیەکی فەرەنسیە لە بنەرەتەوە لە وشەی (parler) فەرەنسی وەرگیراوە بە واتای گفتوگۆ یاخود بیرورا گۆرینەوە دێت، وە ئاماژە کراوە کە پیادەکردنی سیاسەت ئەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەراست، کاتێك پاشاکان نوێنەرەکانیان و راوێژکارەکانیان ئامادە دەکرد بۆ کۆبونەوە لە سەر بارودۆخی ولات، پاشان ئەم ئەنجومەنانە ناویان لێنرا پەرلەمان.

چەمکی پەرلەمان بۆ یەکەم جار کەی وە لە کوێ بەکارهاتووە؟ یەکەم پەرلەمان لە کوێ دامەزراوە؟

# چەمکی پەرلەمان بۆ یەکەم جار کەی وە لە کویٚ بەکارهاتووە؟
# یەکەم پەرلەمان لە کۆی دامەزراوە؟

وە چەمکی (پەرلەمان) بۆ یەکەم جار لە بەریتانیا لە ساڵی (١٢٣٦) بەکارهاتووە، وە ئەوکات مەبەستیان ئەو کۆمەڵە راوێژکارە بوو کە لە پاشاوە نزیك بوون.

بۆ یەکەم جار کە پەرلەمان دامەزراوە لە ولایەتی لیونی ولاتی ئسپانیا بووە .

وە پەرلەمان بە شێوەیەکی کتوپر دەرنەکەوتووە بەڵکو بە چەندین قۆناغدا تێپەر بووە تاکو گەشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا وە ژیانی پەرلەمانی لە هەر ولاتێك بە وێنەیەکی راستەقینەی کۆمەڵگای ئەو ولاتە دادەنرێت.

## دووەم: پێناسەی پەرلەمان:

پەرلەمان چەمکێکی گشتییە بە واتای دەستەیەك لە نوێنەران پێکدێت لەو تاکانەی کە لەلایەن گەلەوە بەپرسیارێتی نوێنەرایەتیان پێ ڕاسپێردراوە بۆ دانانی چوارچێوەی یاسایی گشتی کەوا حوکمی کۆمەڵگا دەکات ، وە هەروەها چاودێرە لە سەر دەسەلاتی جێبەجێکردن بۆ ئەنجامدانی ئەو مەرجە یاسایانە بە شێوەکی بەرپرسانە.

به واتایەکی تر ئەتوانین بڵێن پەرلەمان ئەو دەزگایە کە زمانحالی نوێنەرانی گەلە کە پێکهاتووە لە زۆرینە و کەمینە کە بە ناوی پارتێکی سیاسی یاخود زیاترە وە هەروەها پێکدێت لەوانەی کە دەستیان گرتووە بەسەر لایەنی جێبەجێکردن وئۆپۆزسیۆن بۆیە بە نموونەیەکی بچوکراوەی کۆمەڵگا دادەنرێت.

## سێیەم: ناوەکانی پەرلەمان

ناوی پەرلەمان لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەگۆڕێت.

لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی دەوترێت کۆنگریس- لە فەرنسا پێی دەوترێت کۆمەڵەی نشتمانی- لە یابان (الدایت)- لە ئەڵمانیا بوندشتاخ- لە روسیا کۆمەڵەی فیدراڵی – لە سوید ریکسداغ- لە ئیسرائیل کنیست- وە لە چین کۆنگرەی نشتمانی گەل- وە لە عێراق ئەنجومەنی نوێنەران

لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتادا بە پێی یاسای ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ چەمکی ئەنجومەنی نشتمانیان بەکاردەهێنا پاشان بە پێی ماددەی (١) لە یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەلبژاردن ئەنجومەنی نشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (٢) سالی (٢٠٠٩) ناوی پەرلەمان جێگای ئەنجومەنی نشتمانی گرتەوە.

ماددەی یەکەم( ناوی پەرلەمانی کوردستانی-عێراق) جێگای ناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق) دەگرێتەوە کە لە یاسای ژمارە (١) سالّی ١٩٩٢ی هەمووارکراو و یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمدا هاتووە.

## چوارەم: پێكهاتەی پەرلەمان

سەبارەت بە پێكهاتەی پەرلەمان، هەندێك لە پەرلەمانەكان پێك دێن لە یەك ئەنجومەن وەكو پەرلەمانی ولاتانی (توركیا ، ئێران، تنزانیا ، زومبابوی، سوید ، دانمارك، ڤێتنام......). وە هەندێكیان پێك دێن لە دوو ئەنجومەن وەكو بریتانیا ، مصر ، ئوردن...).

# پێنجەم: ڕێکخستنی کارگێری پەرلەمان

پەرلەمان لەرووی کارگێریەوە بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو بەش.

بەشی سیاسی (لیژنەی کاروباری گشتی، لیژنەی جێبەجێکار، سەرۆکایەتی...) کە بەرپرسە لەو بریارانەی کە پەیوەستن بە بابەتی سیاسی کەوا خراوەنەتە بەردەم پەرلەمان. وە وا باوە کە پێکهاتەی ئەم لیژنانە بە گویرەی پێکهاتەی سیاسی پەرلەمان ئەبێت. یان ئەتوانین بلێین کە ئەم لیژنانە نوێنەرانی حزبی فەرمان رەواو و ئۆپۆزسیۆنیش لە خۆدەگرێت، وە ئەم دەستانە سەرۆکایەتی دەکرێن لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.

بەشی کارگێری پەرلەمان کە پالّپشتی دروست کردنی بریاری سیاسی دەکات. وە ئەمە لە لایەن دەزگایەکەوە بەرێوە دەچێت بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەرێکی گشتی وە بەرپرسیارێتیەکەی وتەبێژی رەسمیە یان وەکو سەرۆك کاردەکات . وە ئەم دەزگایە هەلّدەستێ بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کارگێری وە خزمەتگوزاری تریش جگە لە خزمەتگوزاری کارگێری لەوانە خزمەتگوزاری پالپشتی کردنی ئەندامانی پەرلەمان. وە لەم بەشەدا کۆمەلێك کەس کاردەکەن کە پەرلەمان دایمەزراندوون و موچەیان پێدەدات وە ئەوان سەربەخۆن لە دەسەلاتە سیاسیەکان وە کاری ئەمانە خۆی ئەبینێتەوە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ئەندامانی پەرلەمان بەبێ لە بەرچاوگرتنی لایەنگیری(الإنتماوات) سیاسی ئەندام پەرلەمان.

## شەشەم: سیستەمی نوێنەرایەتی

بنەمای ئەم سیستەمە دانراوە لە سەر بوونی پەرلەمانێك کە پێکدێت لەو نوێنەرانەی هەلبژێردراون لە لایەن گەلەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، بۆ پیادەکردنی دەسەلات بە ناو و نوێنەرایەتی ئەوان. وە بە **<u>دوو تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە:</u>**

١- **<u>پیادەکردنی دەسەلات لە لایەن نوێنەرانی گەل</u>** ئەبێت نەك لە لایەن تاکەکانی گەل وەکو ئەوەی لە دیموکراتی راستەوخۆ هەیە.

٢- **<u>سەربەخۆیی نوێنەران لە پیادەکرنی دەسەلات</u>**. بەشێوەیەك کاری گەل کۆتایی دێت تەنها بە هەلبژاردنی نوێنەرەکانی بەبێ ئەوەی بەژداری بکات لە گەلیان لە بەریوەبردن.

## چۆن ئەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان سیستەمە سیاسیەکان لە چوارچێوەی دیموکراسی نوێنەرایە تی؟

پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان بە پێوەرێك دادەنرێت بۆ جیاوازی کردن لە نێوان شێوازی سیستمە سیاسیەکان لە چوارچێوەی دیموکراسی نوێنەرایتی. وە کاتێك جیاکردنەوەی دەسەلاتی جێبەجێ کردن و دەسەلاتی یاسادانان بە شێوەیەکی توندبێت ئەوا لە بەردەم سیستەمێکی سیاسی دیموکراسین بە ناوی سیستمی سەرۆکایەتی.

## چۆن ئەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان سیستەمە سیاسیەکان لە چوارچێوەی دیموکراسی نوێنەرایە تی؟ چۆن جیاوازی دەکەین لە نێوان سیستەمی سەرۆکایەتی و سیستەمی پەرلەمانی؟

وە کاتێك جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسادانان نەرم و نیانی وە پیادەکرنی دەسەلات بە روحی هاوکاری بێت، ئەوا لە بەردەم سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیین بە ناوی سیستەمی پەرلەمانی.

وە ئەگەر هاتوو سیستەمی سیاسی بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕەتدەکردەوە وە دەسەلاتی جێبەجێکردن و یاسادانانی بە یەکەوە بەستبۆیەوە بۆ بەرژەوەندی دەسەلاتی یاسادانان ئەوا لە بەردەم سیستەمی سیاسی دیموکراسین بە ناوی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەل. وەکو سویسرا

# شەشەم: سیستەمی پەرلەمانی

سیستەمی پەرلەمانی لە ئەنجامی پێشکەوتنی میژووی دوور و درێژ هاتۆتە ئاراوە، ئەم سیستەمە بە ڕێگای ئەزمونی لە ئینگلترا دروست بوو، وە نەبۆتە بابەتی لیکۆڵینەوەی تیۆری تاکو دوای تەواوبوونی زۆربەی بنەماکانی.

وە ئەمە جۆرێکە لە سیستمی بەڕێوەبردنی دیموکراسی نوێنەرایەتی دانراوە لە سەر بنەمای ئەوەی کە گەل نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن لە پەرلەمان تاکو دەسەلات پیادە بکەن بە ناوی ئەوانەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو کەوا دەستور دیاری دەکات.

## سیستەمی پەرلەمانی دانراوە لە سەر بنەمای هاوتایی و هاوکاری لە نێوان دەسەلأتی یاسادانان و جێبەجێکردن. ئەمەش چەند مانایەك دەگەیەنێت:

یەکەم: پێویستە هاوکاری هەبێت لە نێوان ئەو دوو دەسەلاتەی باسمان کردن پێشتر نەك جیاکردنەوەیەکی تەواوەتی لە نێوانیان، ئەوەش لە بەر ئەوەی بتوانن چاودێری یەکتربکەن یاخود چاودێربن بە سەر یەکەوە.

دووەم: هاوتایی و یەکسانی لە هێز و تایبەتمەندی لە نێوانیاندا.

سێیەم: دووانەیی دەسەلأتی جێبەجێکردن.

# تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەرلەمانی چین؟

لە هەموو سیستەمەکان پەرلەمان بوونی هەیە بەلام ئەوە مانای ئەوە نیە کە سیستەمەکە پەرلەمانیە. سیستەمی پەرلەمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ئەمانەن:

-پەرلەمان هەڵئەبژێردێت لە لایەن گەلەوە.

-جیاکرنەوەیەکی نەرم لە نێوان دەسەلاتەکان لە گەل مانەوەی بنەمای یەکسانی و هاوکاری لە نێوانیان وە جێبەجێ کردنی جیاکاری هاوتا لە نێوان دەسەلاتەکان.

- بوونی سەرۆکی وولات ، سەرۆك یاخود رۆلێکی رێورەسمی یاخود تەوافقی یاخود رۆلی کارای هەیە.

- بوونی ئەنجومەنی وەزیران کە لە پەرلەمان متمانەیان پێدرابێت.

-بوونی کاریگەری ئالوگۆرکاری لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان.

## ئەنجومەنی وەزیران:

ئەنجومەنی وەزیران دەستەیەکە لە کۆمەڵە کەسێك پێکهاتووە دەسەلاتی تایبەت و سەربەخۆیان هەیە لە دەسەلاتەکانی سەرۆکی وولاّت و هەر ئەندامێك لە ئەنجومەن دەسەلاّتی تایبەتی هەیە لە وەزارەتەکەی، بەلاّم بریارە سەرەکیەکان تەنها لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچن، وە بەرپرسن لە بەرامبەر ئەو بریارانە بە شێوەیەکی گشتگیر و تاکە کەسی لە بەرامبەر پەرلەمان

## جیاوازی لە نێوان پێگەی سەرۆکی وولاّت و سەرۆکی حکومەت.

ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەموویان یەکسانن، تەنها یەکێك نەبێت لە نێوانیاندا کەوا مافی کاراو لە پێشینەوەو دستوری هەیە، کە ئەو وەزیرەکان دیاری دەکات وە ناوەکانیان پێشکەش بە سەرۆکی وولاّت دەکات بۆ ئەوەی رەزامەندی لە سەر بدات، وە بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە قسە ئەکات لە پەرلەمان وە هەروەها هەلدەستێت بە سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی وەزیران.

## حەوتەم: كاریگەری دەسەلاَتی یاسادانان و جیبەجیَكردن بە سەر یەكترەوە

بوونی جۆیَك لە هاوكاری و هاوتایی و یەكسانی و تەداخل كردن و چاودیَری كردن لە نیَوان ئەو دوو دەسەلاَتە.

سیستەمی پەرلەمانی دانراوە لە سەر بنەمای جیاكردنەوەی ریَژەیی وە هاوكاری لە نیَوان دەسەلاَتەكان وە بە تایبەت دەسەلاتی جیَبەجیَ كردن و یاسادانان، وە لە مەوە بۆمان دەردەكەویَ بوونی جۆریَك لە هاوتایی لە نیَوان ئەم دەسەلاتانە ریَگا ئەدات بە هەر دەسەلاتیَك سنور بۆ زیادەرووی دەسەلاَتەكانی تر دابنیَت، سەرەرای بوونی جۆریَك لە هاوتایی یارمەتی دەرە بۆ ریَگری كردن لە زیادەرەوی یەكیَك لە دەسەلاَتەكان

## أ-ئامرازەکانی کاریگەری ئەنجومەنی وەزیران لە سەر پەرلەمان

-پشك لە پیشنیاز کردنی یاساکان، وە مافی وەزیران بۆ چوونە ناو پەرلەمان و بۆ قسەکردن (بەرگری کردن لە سیاسەتیان یان سیاسەتی ئەنجومەنی وەزیران) ، هەروەها کاریگەری لە سەر خولی گرێدانی پەرلەمان (ئەو ماوەی کەوا پەرلەمان تیایدا کۆدەبێتەوە)بە درێژکردنەوەی یان دواخستنی یان کۆتایی پێهینانی، وە مافی هەڵوەشاندنەوە: مافی حکومەتە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، وە لە سیستەمی پەرلەمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بەستراوەتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت لە هەمان کاتدا، وە بۆ ئەمە پشت بە دەقی دستوری دەبەستین.

ب-ئامرازی کاریگەری پەرلەمان لە سەر ئەنجومەنی وەزیران:

-چاودێری پەرلەمانی کە هەموو کارەکانی دەسەلاٚتی جێبەجێکردن لە خۆ دەگرێت، ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی ناوخۆیی، وە ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەکی- بەرپرسیارێتی سیاسی.

وە هەریەك لە پەرلەمان و حکومەت خاوەنی ئامرازی دەستورین کە بە هۆیەوە دەتوانن سنور بۆ دەسەلاتەکەی تر دابنێن لە کاتی پێشێلکردنی هاوتایی لە نێوانیاندا ،وە ئەمەش وولاٚت دوور دەخاتەوە لە ئەزمەی سیاسی.

**حکومەت**: ئەکرێ پۆلێن بکرێت بۆ پێنج پۆل لە سیستەمی پەرلەمانی:

١-**حکومەتی تاك لایەن**: تەنها یەك پارتی سیاسی لە پەرلەمان حکمومەت پێکدێنێت.

٢-**حکومەتی زۆرینە**: حکومەتی زۆرینە پێکدێت لە لایەن پارتی زۆرینە ئەوەیە کە لە نیوە زیاتری کورسیەکانی پەرلەمانی بە دەست هێناوە.

٣-**حکومەتی کەمینە**: ئەگەر هاتوو هیچ پارتێکی سیاسی لە نیوە زیاتری کورسیەکانی پەرلەمانی بە دەست نەهیناوە، بەلام لە ناو پەرلەمان پشتگیری کرا لەلایەن پارتە جیاوازەکانەوە وە ژمارەیان لە نیوەی کورسیەکان زیاتر بوو.

٤-**حکومەتی بنکە فراوان**: بریتیە لەوەی هەموو ئەندامانی پارتە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان لەخۆی دەگرێت.

٥-**حکومەتی هاوپەیمانی**: بریتیە لەو حکومەتەی کە تێکەلاوە لە بەینی ئەندامانی دوو پارتی سیاسی یان زیاتر بەلام هەموو پارتە سیاسیەکان ناگرێتەوە، تاکو بگاتە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان.

# بەشی دووەم: مێژووی کاری پەرلەمانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

**یەکەم :مێژووی کاری پەرلەمانی لە عێراق دابەش دەکەین بەسەر چەند سەردەمێکی مێژووی:**

**١- سەردەمی پاشایەتی ١٩٢١-١٩٥٨**

ئەنجومەنی بیانتنەری پاشایەتی عێراقی هەلبژێردرا لە سالی ١٩٢٤ وە هەستا بە نوسینەوەی دستور کە سیستەمی پاشایەتی دستوری بوو. وە لە دوای نوسینەوەی دەستور یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراقی پێکهات وە سیستەمی پاشایەتی دەستوری دامەزرا لە ساڵی ١٩٢٥ ، وە پەرلەمان لە دوو ئەنجومەن پێك هاتبوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. وە ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەبوو . ئەنجومەنی پیرانیش لەلایەن پاشاوە دادەمەزران.

## ٢-سەردەمی کۆماری١٩٥٨-١٩٧٩

لە ساڵی ١٩٥٨ سیستەمی کۆماری لە عێراق راگەیەندرا، وە پەرلەمان و سیستەمی پاشایەتی هەلوەشایەوە بە ئەنجامدانی کودەتای ١٤ی تەموزی بە سەرۆکایەتی عبدالكريم قاسم وە کاری کرد و ئامادەکاری بۆ ماوەیەکی گوازراوەیی وەك پێشەکیەك بۆ بنیات نانی دیموکراسی راستەقینە، پاشان کودەتای ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن رژێمی بعسی عربی ئیشتراکی.

## ٣–سەردەمی فەرمانرەوایی سەدام حسین ١٩٧٩–٢٠٠٣

- لە ساڵی ١٩٧٠ ئەنجومەن دروستکرا بەپێی دەستوری عیراقی وە ناونرا ئەنجومەنی نیشتمانی. وە لە گەل ئەوەش، هەلبژاردنی گشتی نەکرا تاکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠، لە سەردەمی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق سەدام حسین. وە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩–٢٠٠٣ چەندین هەڵبژادن کرا. وە ئەنجومەنی نیشتمانی پشتیوانیەکی گەورەی لە فەرمانرەوایی سەدام حسین دەکرد، وە هەڵبژاردنەکان بە هەڵبژاردنی پاك ئازاد دانەدەنران لە لایەن کۆمەلگای نێودەولەتی. وە هەڵبژاردن لە نێوان لایەنگرانی حزبی بعس بوو بە تەنها.

## ٤-ماوەی گوازراوە (الانتقاليه) ٢٠٠٣-٢٠٠٥

لە ساڵی ٢٠٠٣ سەدام حسين لە دەسەلات لادرا لە لايەن ئەمريكا و بەريتانيا و ولاتانی هاوپەيمانەكانيان لە ميانەی جەنگ لە عێراق . لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجومەنی كارگێری كە لەلايەن دەسەلاتی كاتی هاوپەيمانان (سلطة الاتلاف المؤقتة) پێكهێنرابوو واژووی لە سەر دەستووری كاتی كرد وبانگەشەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نيشتمانی گوازراوەيی كرد لە ماوەيەك كە تێپەر نەكات لە كۆتايی مانگی يەكی ٢٠٠٥. وە لەسەر ئەو ئەنجومەنە بوو كە رەشنووسی دەستووری هەميشەيی عێراق دابنێت و پاشان بخرێتە روو بۆ راپرسی لە لايەن گەلی عێراق.

## ٥- دەستوری ئێستا لە ٢٠٠٥ تاکو ئێستا

لە سایيەی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ دەسەلاتی یاسادانان پێکدێت لە دوو ئەنجومەن، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ناوەندی (الاتحاد). ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە (٣٢٥) ئەندام هەڵدەبژێردرێن بۆ ماوەی چوار ساڵ. ئەنجومەنی ناوەندی پێکدێت لە کۆمەلێك ئەندام کە بۆ هەر ناوچەیەکی عێراق دوو ئەندام دیاری دەکرێت. وە پێکهاتە و بەرپرسیاریەتی ئەم ئەنجومەنە بە ووردی دیاری نەکراوە لە دەستووری عێراقی بۆیە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە دیاری دەکرێت.

# دووەم:مێژووی کاری  پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان

لەئەنجامی ئەو  هەلومەرجە سیاسیە نوێیەی کەبەهۆی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، لەپاش ١٩٩٠/٨/٢ لەعیراق و ناوچەکە هاتەئاراوة، بۆ یەکەمجار لەمێژووی خەباتی گەلی کوردستان لەعێراقدا، بەرەی کوردستانی بەپشتیوانی و بەشداری جەماوەری کوردستان توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عێراق، بەشاری کەرکوکیشەوە رزگاربکە ن

بەڵام دواتر، رژێمی سەدام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو دهۆکی داگیرکردەوە، بۆدەربازبوون لەشاڵاوی کوشتنی دڕندانەی رژێمی سەدام، گەلی کوردستان بەکورد و تورکمان و مەسیحیەوە، لەکۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنووریەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد. هاوکات هێزی پێشمەرگە لەناوچە شاخاویەکان، لەهەردوو ناوچەی کۆڕێ لە هەولێر،و چیای ئەزمڕ لەسلێمانی، سەنگەری بەرگریان قایم کردو ئازایانە هێزی پەلاماردەری سوپای عیراقیان تێك شکاند. دواتر لەسەر پێشنیازی فەرەنساو بەپشتیوانی ئەمریکاو بەریتانیا، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بڕیاری٦٨٨ ی دەرکرد، بەهۆیەوە ناوچەی (پەناگەی ئارام) بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکەی ناوچە سنووریەکان، لەدژی فڕینی فڕۆکەکانی سوپای عێراقی لە سەرووی هێلی پانی ٣٦ پلە، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاریکرا.

دوای شکست هێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی سەدام، لە ٢٦/١٠/١٩٩١، حکومەتی عێراق دەستی کرد بەکێشانەوەی دامودەزگا ئیداریەکان لەناوچەکانی کوردستان. ئەمەش بۆشاییەکی یاسایی و ئیداریی دروستکرد، بەرەی کوردستانی، کە لەحەوت حزب پێکهاتبوو، وەکو دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە، لەئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگەژە سیاسی و ئیداری و یاساییەدا بوو کە ڕژێم لەکوردستان دروستی کرد، ئەوەبوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێم و دانانی دەسەڵاتی یاسا، بەرەی کوردستانی بیری لەدامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە، لەڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازادو دیموکراتیەوە.

بۆئەمەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لیژنەیەکی تایبەتی لە (١٥) کەس لە حاکم و پارێزەرو مافپەروەران و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهێنا، بەم شێوەی خوارەوە:

١- رەشید عەبدولقادر، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- مەعروف رەئووف، یەکەم وەزیری داد لە هەرێمی کوردستان.

٣- نازم حەوێزی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

٤- حاکم ئەمیر حەوێزی، ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر، دواتر بووە سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەلبژاردنەکانی کوردستان.

٥- شەمسەدین موفتی.

٦- مەحمود بابان.

٧- د. سەعدی بەرزنجی، راگری کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.

٨- د.خورشید شەوکەت رواندزی، مامۆستای کۆلیژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین.

٩- پارێزەر مستەفا عەسکەری.

١٠-  فەرسەت ئەحمەد .

١١-  د. قەیس دیوالی، دواتر بووە ئەندامی خوولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان.

١٢-  حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی، دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

١٣-  بەختیار حەیدەری، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

١٤- قادر جەباری، دواتر بووە وەزیری داد لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم.

١٥- فەرەنسۆ هەریری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپەرلەمان. ساڵی ٢٠٠٠ لە کردەیەکی تیرۆریستیدا شەهیدکرا .

ئەم لیژنە تایبەتیەی پێکهات، دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامدا، پڕۆژە یاسایەکیان پێشکەش بەسەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کرد، و لەرۆژی ١٩٩٢/٤/٢٨ لەلایەن بەرەوە بڕیاری لەسەردرا، و بەناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق پەسەندکرا.

هەلبژاردنەکانی پەرلەمان و رابەری گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، لەرێگای دەنگدانی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ، لە ١٩٩٢/٥/١٩ بەبەشداری نزیکەی یەك ملیۆن دەنگدەر، کەنوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن ونیو هاوڵاتیان دەکرد، ئەنجامدرا. کەبەهاوکاری وپشتیوانی چاودێرانی بیانی ودۆستانی گەلی کورد بەڕێوەچوو.

# خولەكانی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ تاكو ٢٠١٨

١- خولي يةكةم ١٩٩٢

یەكەمین ئەزموونی هەلبژاردنەكان بەشێوەیەكی دیموكراسی لەكوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە(١)ی بەرەی كوردستانی لە ١٩٩٢\٥\١٩ بەسەرپەرشتیو چاودێری نوێنەرانی چەندین رێكخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموكراسی و ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەورووپاو رۆژنامەنووسانی بیانی ئەنجامدرا.

## ٢- خولی دووەم ٢٠٠٥

لەرۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا کەهاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی بوو کەدوای رووخانی رژێمی سەدام لەکوردستان و عیراق ئەنجام درا.

٣- **خولی سێیەم**

ڕۆژی ٢٥/٧/٢٠٠٩ پرۆسەی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەکەشێکی ئارام و بەئامادەبوونی چەندین چاودێری نێودەولەتی و بیانی و عەرەبی و ناوخۆیی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

لەهەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا ٢٤ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد، بۆ کێبرکێ لەسەر ١١١ کورسی و تیایدا ١١ لیست توانیان ڕێژەی یاسایی بەدەست بێنن و بێنە ناو پەرلەمان.

٤- **خولی چوارەم**

رۆژی ٢١/٩/٢٠١٣ پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بەسیستمی نیمچەکراروە بەرێوەچوو، تیایدا (٣١) لیست بەشداری پرۆسەکەیان کردوو سەرەنجام (١٧) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن،

٥- **خولی پێنجەم**

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کودرستان بە مەرسوومی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١٨ رۆژی ٣٠/٩/٢٠١٨ دیاری کرد وەک وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

# باسي دووةم:

## باسی دووەم: ئەندام پەرلەمان و ئەرك و دەسەڵاتەكانی

### بەشی یەكەم: ئەندام پەرلەمان

### یەكەم: ئەندام پەرلەمان كێیە؟

ئەو تاكەیە كە دەسەلاتی نوێنەرایەتی گەل پیادە دەكات بۆ ماوەیەكی دیاری كراو لە چوارچێوەی دامەزراوەیەكی یاسادانان كە لە كۆمەلێك ئەندام پەرلەمان پێكهاتووە.

پێناسەیەكی رێك نەكراوە بۆ ئەندام پەرلەمان، بەڵام كۆمەلگا چاوەرێی زۆر شتی لیٚ دەكات:

- دەنگدەرەكان ئەیانەویٚ وەلاٚمی داواكارییەكانی ئەوان بداتەوە.
- حزبەكەی ئەیەویٚ پاپشتی سیاسەتی حزب بكات، وە

سەركردەكانی حزب ئەیانەویٚ پابەندبێت بە بەرژەوەندییەكانی حزب لە كاتی دەنگدان، وە بەم شێوەیە هەر لایەك شتێكی لە ئەندام پەرلەمان ئەویٚت كە رەنگە جیاوازبێت.

**رۆڵی سەرەکی ئەندام پەرلەمان خۆی ئەبینێتەوە لە بەرگری کردن لە بەرژەوەندی گشتی و وە گەشەکردنی، وە گرنگی دان بە داواکاری و بەرژەوەندی دەنگدەران بە پێی توانا. وە پاڵپشتی دیموکراسی پەرلەمانی، چاودێری وە لێپرسینەوە لە دەسەلاتی جێبەجێ کردن، یاسادانان، تێگەشتن لە داواکاری خەلك،پاڵپشتی دەنگدەران، دارشتنی سیاسەتی حزب، وە گەشەسەندنی حزبەکەی.**

**خۆ کاندید کردن بۆ بوون بە ئەندام پەرلەمان مافی هەر کەسێکە تەنها پێویستە ئەو مەرجانەی تیادا بێت کە یاسا دیاری دەکات ئەمەش لە یاسای ولاتێك بۆ ولاتێکی تر دەگۆرێت.**

## مەرجەکانی پالێوراو بۆ پەرلەمانی عێراق بەپێی مادده

(٤٩/دووەم) لە دەستوری ٢٠٠٥ پێویستە عیراقی بێت و شایاوی تەواوی هەبێت.

## وە بە پێی مادەه (٦) لە یاسای هەلبژاردنەکانی عێراق ژمارە (١٦) سالی ٢٠٠٥

١-پالێوراو نابێت تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتربێت.

٢-پێویستە بە شێوەیەکی نا یاسایی دەولەمەند نەبووبێ لە سەر حسابی سامانی گشتی و نیشتمان .

٣- حکوم نەدرابێت بە تاوانی ئابروبەر، وە ناوبانگی باش بێت .

٤-هەڵگری بروانامەی ناوەندی یان هاوتاکەی بێت.

٥-ئەندامی هێزی سەربازی نەبێت لە کاتی خۆپالوتندا.

٦- پەیوەندی بە حزبی بعس نەبووبێت.

## مەرجەکانی ئەندام پەرلەمان بە پێی مادده (٢١) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمووارکراو:

پێویستە پالێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان، ئەم مەجانەی تیادابێت.

١- لە هاولاٌتیانی کوردستان-عێراق ولیێی نیشتەجیٚ بێت.

٢- تەواو شیاوبێت و گەیشتبێتە تەمەنی بیست وپێنج ساڵ.

٣- بە باشی خوێندن و نوسین بزانێت.

٤- حوکم نەدرابیٚ بەو تاوانانەی پەیوەندی هەیە بە رەوشت و ئادابی گشتی و دەست پاکی.

٥- حوکم نەدرابیٚ بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست یان دزی.

٦- لەو تاوانانەدا بەژداری نەکردبێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکار لە کوردستان پلانی بۆ دانابێت یان ئەنجامی دابێت

## دووەم:بنەماکانی کە ئەندام پەرلەمان سەرنجی ئەخاتە سەر لە کارەکانی

### ١-		بنەمای دەستوری

ئەندام پەرلەمان کاریگەرە بە سروشتی سیستەمی سیایسی باو لە وولات لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی، وە ئەم فەلسەفە سیاسیە لە چوارچێوەی دستوری وولات دیاری دەکرێت. وە کاری ئەندام پەرلەمان ئەگۆرێت بە گوێرەی سیستەمی سیاسی.

-م١ لە دەستوری عێراقی : کۆماری عێراق دەوڵتێکی سەربەخۆو شکۆدارە، سیستمی حوکمرانی تیایدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیموکراسی، وە ئەم دەستورە دەستەبەری یەکپارچەیی عێراقە.

-م١ لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان: کوردستانی عێراق هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەولەتی عێراقی فیدرال سیستەمی سیاسی پەرلەمانی کۆماری دیموکراسیە پشت دەبەستێت بە زۆرینەی سیاسی و بنەمای جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان وە ئالوگۆری ئاشتیانەی دەسەلات لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتی و راستەخۆو نهێنی و دەوری.

## ٢- بنەمای نوێنەرایەتی

ئەندام پەرلەمان بەر لە هەموو شتێك نوێنەری گەلە یاخود دەتوانین بڵێین نوێنەری ئەو کەسانەیە کە دەنگیان بۆ داون لە هەلبژاردن، بۆیە پێویستە هەمیشە هەولی دەستەبرکردنی بەرژەوەندی ئەو کەسانە بدەن لە کارەکانیاندا. وە هەروەها ئەمانە دادەنرێن بە سەرکردەی بریار بە هۆی ئەو نفوزە گەورەی کە هەیانە چ وەکو ئەندام پەرلەمان چ وەکو ئەندامی پارتی سیاسی.

کاری نوێنەرایەتی ئەمانە لە خۆی دەگرێت

- نێوەندگیری لە نێوان هاولاتی و دەسەلات
- وەلامدانەوەو بەدواداچوونی کاروباری هاولاتی
- دەربرین و گواستنەوەی پێداویستیەکانی هاولاتیان
- نوێنەرایەتی پێداویستەیەکانی کۆمەلگا
- راوێژکاری تایبەت
- کۆبونەوەی گشتی
- دانیشتنی گوێگری
- وەلامدانەوەی نامەو بەدواداچوونەکان
- چاودێری و بەدواداچونی گازندەی هاونیشتیمانیا.
- پشت بەستن بە ئامرازەکانی ئیلیکترۆنی بۆ گفتوگۆ لە گەڵ هاونیشتمانیا.

٣- بنەمای سەربەخۆیی
٤- بنەمای دیموکراسی
٥- بنەمای چالاکی
٦- بنەمای دەستپاکی
٧- پابەندبوون بە بنەما و ڕێساکانی مافی مرۆڤ

## باسی سێیەم :کاری پەرلەمانی

کاری پەرلمانی بریتیە لە هەموو ئەو کار و تصرفە قانونی ومادیانەی کە لە پەرلەمان دەردەچێت، یان لە دەستەکان وەك ( لێژنەی هەمیشیی و کاتی و لێژنەی لێکۆلینەوەو دەستەی سەرۆکایەتی.........) یان ئەندامەکان لە کاتی کارەکانیانیان . یان بریتیە لەو کارانەی کە لە پەرلەمان دەردەچێت لە میانەی ممارسەکردنی کاری چاودێری پەرلەمانیان هەر کارێکی تر لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری یاسادانان.

# چوار چێوەی کاری پەرلەمانی

أ دارشتن و نوسینەوی یاساکان

- پێشنیار کردنی یاسا
- گفتوگۆو هەموارکردنی یاساکان
- پەسەند کردنی پرۆژە یاساکان
- دەرکردنی یاساکان

# دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە پێی مادده (٦١) لە دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥

یەکەم: دانانی یاسا فیدراڵیەکان

دووەم– چاودێری کردنی چۆنیەتی کارکردنی دەسەلاتی جێبەجێ کردن

سێیەم–پەسەندکردنی پەیماننامەو ورێکەوتەنێودەوڵتیەکان بە پێی یاسایەك ریکدەخرێت کە بە دەنگی یەك لە سەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەردەچێت.

چوارەم– هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار.

پێنجەم– رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی دادگای تەمیزفیدرالی و سەرۆکی داواکاری گشتی ...............

شەشەم– لێپرسینەوە لە سەرۆك کۆمار و لە سەرکار لادانی بەو مەرجانەو لەو حالەتانەی کە لە دەستووردا هاتووە.

حەوتەم– لێپرسینەوە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکان بەو مەرجانەی لە دەستور هاتووە.

هەشتەم– وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان.بەو مەرجانەی لە دەستوور هاتووە.

نۆیەم– رەزامەندی لەسەر راگەیاندنی جەنگ و باری نا ئاسایی................

# ئەرك و دەسەلاتەكانى پەرلەمان بە پێی ماددە (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان

١–یاسادانان

٢– بریاردان لە سەر ریکەوتنەکان و یەکلاییی کردنەوەی کێشە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان–عیراق، دیاری کردنی پەیوەندی لە گەل دەسەلاتی ناوەندی.

٣– دەستنیشانکردنی دەسەلاتی جێبەجیٚ کردن ئەویش دەسەلاتی دیاری کردنی ئەندامەکانی هەیە.

٤–متمانەدان بە دەسەلاتی جێبەجیٚ کردن یان لێسەندنەوەی.
٥–بریاردان لە سەر بودجەی گشتی و پلانەکانی گەشەپێدان.
٦–چاودێری دانان لە سەر دەسەلاتی جیبەجێکردن.
٧–پێکهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێکۆلینەوە لە هەر کاروبارێکی بیەویٚ.
٨– دانانی پەیرۆی ناوخۆی دیاریکردنی میلاکات و بریاردان لە سەر بوجەکەی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.
٩–پێکهینانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان لە ئەندامانی ئەنجومەن بە پێی پێرەوی ناوخۆی.
١٠– دانانی رێسا بۆ تۆمەتبارکردنی ئەندامەکانی لە کاتی شکاندنی ئەو سوێندە ی کە خواردوویانە.
١١–یەکلاکردنەوەی ئەو تانانەی کە پێشکەش کراون لە بارەی دروستی هەلْبژاردنی ئەندامەکانی، ئەندامێتش بە زۆرینەی دەنگی دوو لە سەر سێی ئامادەببوانەوە نەبیٚ هەلْناوەشێتەوە.

# ب- کارەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ناوخۆیی پەرلەمان

هەموو ئەو کارانە لە خۆ دەگرێت کە لە لایەن ئەندامەکان ئەنجامدەدرێن لە ناوخۆی پەرلەمان بە مەبەستی ڕێکخستنی کار و بەردەوام بوونی وە هەموو ئەوانەی پەیوەندی هەیە بە ماف و ئەرکەکانی ئەندام پەرلەمان.

١- پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٠٧.

٢-پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨